# ڕۆڵی ئەدەبی ژنی کورد لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا لە سەدەکانی (٤- ٥ک/١٠- ١١ز)

**م. ی. سەرکۆ ناجی جەبار**
زانکۆی سلێمانی
sarco.na1992@gmail.com

**ملخص:**
لقد لعبت المرأة باعتبارها مكونًا رئيسيًا في المجتمع الكردي ومشاركين في الأنشطة العامة لذلك المجتمع، دورًا مهمًا ومؤثرًا عبر التاريخ، ولكن في كثير من الأحيان تم إهمال دور المرأة في مختلف المجالات ولم يكن من الممكن تقديمه أحد المجالات التي لعبت فيها المرأة الكردية دورًا في التاريخ هو الأدب. وفي المجتمع الكردي عرفته النساء منذ القدم، وخاصة الشعر. كلما سنحت الفرصة للأدب الكردي، رسمت المرأة مكانها إلى جانب الرجل، على الرغم من أن بعض المؤرخين والباحثين الأدبيين، تعود بداية مشاركة المرأة الكردية في الأدب إلى فترة لاحقة، بغض النظر عن أن مناطق القرون (4-5م/10-11م) (منطقة الجبل الغربي) أصبحت مجالاً مهماً لمشاركة المرأة في كتابة الشعر الكردي

يهدف هذا البحث إلى إظهار دور الشاعرات مثل (دایە تەورێزی هەورامی، جلالە خانمی لوڕستانی، ڕیحان خانمی لوڕستانی، فاتمە لوڕەی گۆران، لیزا خانمی جاف، خاتوو مەی زەرد، دایە خەزانی سەرگەتی) اللاتي تمكنن من التحدث. أصبحت اللغة الكردية واللهجة الهورامية محركًا للثورة الأدبية الكردية، كما كشفت عن حقيقة أنه بعد الفتوحات الإسلامية، كان للمرأة الكردية قبل نساء الدول المجاورة الأخرى يد فاعلة في كتابة الشعر بلغتها الخاصة.

حكمت السلطات الكردية مثل (الحسنويون وبني عناز) المنطقة خلال هذه الفترة، وهو أحد أسباب المشاركة الواسعة للمرأة في كتابة الشعر الكردي، إذ بفضل هذه السلطات عبرت المرأة الكردية عن شجاعتها الوطنية في الشعر. لأنه بفضل هذه القوى، عبرت المرأة الكردية عن شجاعتها الوطنية في الشعر، مما يدفعنا إلى الاعتقاد بأنه أينما وجدت القوة الكردية، كانت سبباً في ظهور دور المرأة. ومع ذلك، فإن إظهار قدرة ومكانة المرأة في الديانة اليرسانية هو جزء مهم آخر من البحث، لأن هؤلاء الفنانات كن ضمن إطار الديانة اليرسانية الكردية.

**کلیلە وشەکان:-ڕۆڵی ژن، مێژووی ئەدەبی کوردی، ڕۆژئاوای هەرێمی چیا، ئاینی یارسان.**

**Abstract:**

Women as a major component of Kurdish society and participants in the public activities of that society, has played an important and influential role throughout history, but often the role of women in various fields has been neglected and could not be presented It is the field of literature The field of literature, which women in Kurdish society have been familiar with since ancient times, especially poetry, so that whenever Kurdish literature has the opportunity, women have painted their place alongside men, although some historians and literary researchers They go back to a later time, Regardless of the fact that the centuries (4-5 AH / 10-11 AD) regions (western mountain region) have become an important field for women's participation in the field of writing Kurdish poetry.

The aim of this research is to show the role of women poets such as (Day Tawrez Hawrami, Jalal Khanum Loristani, Rihan Khanum Loristani, Fatemeh Loray Goran, Liza Khanum Jaf, Khatoo May Zard, Daya Khazani Sargati) who have been able to speak Kurdish and in Hawrami dialect, become the dynamo of the Kurdish literary revolution, as well as revealing the fact that after the Islamic

conquests, Kurdish women before women of other neighboring nations had an active hand in writing poetry in their own language.

Kurdish authorities such as Hasnawiya and Bani Annaz ruled the region during this period, one of the reasons for the widespread participation of women in writing Kurdish poetry Because thanks to these powers, Kurdish women have expressed their national courage in poetry, which leads us to believe that wherever there has been Kurdish power, the role of women has been visible the research, because these women artists were within the framework of the Kurdish Yarsan religion.

## پێشەکی

گرنگی بابەت:لە قۆناغە مێژوییەکاندا ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە پێگەی بەرزدا بووە، بەو پێیەی لە کۆمەڵگەدا هاوشێوەی پیاوان لە کایە جیاجیاکاندا رۆڵی گێڕاوە، ئەم ڕۆڵە فراوانبووە لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی کوردی لەژێر فەرمانڕەوایی دەسەڵاتێکی کوردیدا بوبێت، ئەم شـێوازە بەسـەرناوچەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیادا زیاتر جێبەجێبووە، کاتێک لەسـەدەکانی (٤-٥ک/١٠-١١ز) بوار بۆ چەند دەسـەڵاتێکی کوردی دەڕەخسێت، ژنان بەشێوەیەکی فراوان هاتونەتە مەیدان و لە بواری ئەدەب و هونەرو پێگەی ئاینیەوە خۆیان سەلماندووە، بەتایبەتی ژنانی ناوچوارچێوەی ئاینی یارسان لە ناو بەشێک سەرچاوەکاندا باسکراون.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت: لەزۆربەی سـەرچاوەکاندا کاتێک باسـی یەکەمین دەسـپێکی ژنانی کورد دەکرێت لەبواری ئەدەبدا، ڕاستەوخۆ ئەم بابەتە پەیوەست دەکەنەوە بە مەستورەی ئەردەڵانەوە، بەو پێیەی یەکەمین بەشداری ژنان لە کایەی ئەدەبدا بۆ سـەدەی(١٣ک/١٩ز) دەگەڕێتەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە بەپێی بەڵگە مێژووییەکان زیاتر لە ٩ سـەدە پێش ئەو ماوەیە لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا، و لەناو چوارچێوەی ئاینی کوردی یارسـان ژنان بەشـێوەیەکی فراوان دەسـتیانکردووە بە نوسـینی هۆنراوەولە چەند بوارێکدا هۆنراوەیان نوسیوە.

ئامانجی بابەت: دەرخستنی پێگەی ژنی کورد لە ناوچەیەکی دیاریکراودا و لە یەکێک لە قۆناغە مێژووییەکاندا لە ڕابردوودا لەسـەرزەمینی کورداندا بەتایبەت لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا و هەوراماندا ژنان نەك لە ژیانی کۆمەڵایەتی, بەڵکو لەژیانی ئاینی وئەدەبیداڕۆڵی گرنگیان هەبوەوجێ پەنجەیان دیارە, دەرخستنی لاپەڕەیەکی نادیار لە مێژووی قەڵەمی ژنانی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

گرفتەکانی توێژینەوە :لە گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە ئەوەیە لە سـەرچاوە ئەدەبییەکان بە ڕونی باسـی ئەم ژنە شـاعیرانە نەکراوە لەزۆربەی سـەرچاوەکاندا پشـت گوێخراون، لەو سـەرچاوانەشـدا کە باس کراوە هەندێکجار جیاوازی هەیە لە نێوان تێکستەکاندا لە ڕوی زمانەوانیەوە.

پێکهاتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە چوار تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تەرخـان کراوە بۆ نـاسـاندنی نـاوچەی ڕۆژیاوای هەرێمی چیا، و ڕۆڵی ئەم ناوچەیە لە پشـتگیری گروپە جیا خوازەکانی پێش سـەدەی سـەدەی(٤-٥ک)، هەروەها ئاماژەدانێکی کورت بە میرنشـینە کوردییەکانی هەرێمەکە لەوماوەیەدا، تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ باسـکردنی پێگەی ژن لەناو چوارچوێوەی ئاینی یارسانی کوردیدا، تەوەری سێیەم بەناونیشانی پێگەی ئەدەبیی ژنی کورد لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا لە سەدەکانی(٤-٥ک/١٠-١١ز) کە بەوردی باسمان لە ژمارەیەک ژن کردووە کە لەوبوارەدا ڕۆڵیان هەبووە، وبۆ هەر هۆنەرێکیان چەند بەیتێک هۆنراوەمان خسـتوەتەڕوو، تەوەری چوارمیش تایبەتە بە خسـتنەڕوی چەند خاڵێک سـەبارەت بە تایبەمەندییەکانی هۆنراوەکانی ئەو قۆناغە.

### تەوەری یەکەم: ڕۆژئاوای هەرێمی چیا:

**یەکەم/ سـنوری جوگرافیای هەرێمەکە:** مەبەسـت لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا ناوچەیەکی جوگرافییە وبەشـێک لە نیشـتمانی کوردان پێکدەهێنێت، کە لەهەمانکاتدا بەشێکە لە هەرێمێکی فراوانتر کە پێی وتراوە هەرێمی چیا.

هەرێمی چیا: هەرچەندە لێکۆڵەرەوان کۆکنەبوون لەسـەر سـنوری جوگرافیای هەرێمی چیا، بەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی لە باکورەوە ناوچەی گیلان و باشوری دەریاچەی خەزەر بەسنوری هەرێمەکە دانراوە، لە باشورەوە هاوسنوربووە لەگەڵ خوزستان و بەشێک لە عیراق، و لە رۆژ هەڵاتیش ناوچەکانی خۆراسان و فارس و ئەسفەهان بوونەتە سنوری، ڕۆژئاوای هەرێمەکە جیا دەکرێتەوە بەو نـاوچـانەی کە دەکەونە نێوان نـاوچەکـانی لوڕ، بۆ ئـازەربـایجـان و پەیوەسـت بە دەریـاچەی ئورمیەوە. (الاصطخري،١١٥:١٩٦١)

ڕۆژئاوای هەرێمی چیا: مەبەست لەو ناوچانەیە كە كەوتونەتە ناو چوار چێوەی هەرێمی چیاوە، هەرێمی چیاش هەرێمێكی فراوانی سەردەمی خیلافەتی ئیسلامی بووە، لە ناو هەرێمەكانی موسڵمانانداا بە وڵاتی شاخاوی ناوبراوە، بەڵام یۆنانیەكان بە وڵاتی میدیا ناویان بردووە(الالالنقشبندی، ٢٠١١، ٢٧) جگە لە هەندێك دەشت نەبێت بەشێكی فراوانی رووبەری ناوچەكە لە چیا پێكهاتووە، لە سەدەی(٧ك/١٢ز) بەم ناوچەیان وتووە عێراقی فارسی دیارە ئەمەش بۆ جیاكردنەوەی بووە لە عیراقی عەرەبی، بەڵام هەندێكجار و ناوچەكە بە (كهستان) ناوبراوە، كە هاو واتایە لەگەڵ ناوچەی چیاكان.(توفیق، ٢٠١٢:٣٦).

ئەم ناوچەیە لە ئێستادا دەتوانرێت پێناسە بكرێت بە سنوری باكوری رۆژئاوای ئێران هەتا ورمێ لەوێشەوە بۆ دەشتەكانی عیراق لە رۆژئاواوە، لە رۆژهەڵاتەوە بیابانی گەورەی ئێران، و بەناوچەی شاخەكانیشەوە تا باشوری ڕۆژهەڵاتی ئازەربایجان، واتە كوردستان و ئەو زەویانەی كە دەكەوتنە نێوان ئازەربایجان هەتا دینەوەرو هەمەدان وكرماشان و باقی شارەكانی دیكە، لەگەڵ چیاكانی زاگرۆس،ناوچەكانی خوی و شارەزووری ئەمڕۆ، كە پێشتر لە ١٦ ویلایەت پێكهاتووە، و (حمدولا مستەوفی٧٥٠ك/ ١٣٤٩ز)یەكەمین نوسەری موسڵمان بووە كە بە كوردستان ناوی بردووە لە ساڵی ٧٤٠ك، كە پێشتریش سوڵتان سەنجەری سەلجوقی ئەم ناوچەیەی بە ویلایەتی كوردستان ناو بردووە.(النقشبندی، ٢٠١١: ٢٨ ؛محی الدین، ٢٠٠٧: ٣٧)لە گرنگترین شارەكانی ئەم هەرێمە بریتیبوون لە(هەمەدان، ماسبزان، قزق، لوڕی بچوك، شاپور خواست، یشتر، دینەوەر، كرماشان، ئەسەد ئاباد، نەهاوەند، بروجرد، حەلوان) (النقشبندی، ٢٠١١: ٣٨-٦٣ ؛محی الدین، ٢٠٠٧: ٤١-٥٨).

**دووەم/ دانیشتوانی هەرێمەكە پێش دامەزراندی دەسەڵاتە كوردییەكان** : ڕۆژئاوای هەرێمی چیا لە ناوچە یەكەمینەكان بوو بۆ بەریەكەوتن لەگەڵ موسڵمانەكان پاش ئەوەی لە نیمچە دورگەی عەرەبی چونە دەرەوە بەمەبەستی فتوحات، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٦- ٢٢ك/٦٣٨-٦٤٣ز) سەرجەم ناوچەكانی ئەو هەرێمە كەوتنە دەست موسڵمانان،ئەم دەست بەسەرداگرتنەش هەندێك جار بەبێ شەڕ بووە ژمارەیەك لە دانیشتوانەكەی خۆیان چونەتە ژێرڕكێفی سوپای موسڵمانان، هەندێك جاریش سوپا ئەنجامەكەی یەكلاییكرووەتەوەو بەم مەبەستەش (ئەبوموسای ئەشعەری٤٤ك/٦٦٥ز) سەركردایەتی موسڵمانانی كردووە بۆ دەستبەسەرداگرتنی زۆربەی شارەكانی ئەم هەرێمە وەك شارەكانی (نەهاوەند و دینەوەر وماسبزان و سیروان و سێمەرە)، پاش ئەو فەتحكردنەش پێویستبوو لەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچەییە سەرانەو موڵكانەی زەوی بدەن بە موسڵمانان، لە سەرەتای دەوڵەتی ئومەوییەوە هەرچی داهاتی نەهاوەند بوو بۆ خەڵكی كوفە تەرخانكرا بوو، داهاتی دینەوەریش بۆ خەڵكی بەسرە، بەڵام پاش ماوەیەك كوفەییەكان داوای داهاتی دینەوەریانكردووە، لەو كاتە بەدواوە دینەوەر بە ماهی كوفە ونەهاوەندیش بە ماهی بەسرە دەناسرا و هەردوكیانیش بە (الماهین) دەناسران(تاریخ الطبری، ١٦٠:٤-١٦١).

هەرچەندە موسڵمانەكان دەستیانگرت بەسەر ڕۆژئاوای هەرێمی چیا، و دانیشتوانەكەی بە ڕواڵەت بوونە بەشێك لە قەڵەمڕەوی ئیسلام، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئیسلام نەشیان توانی پاش دەیان ساڵی دواتر فەرمانڕەواییەتی خۆیان بەتەواوەتی بچەسپێنن، بە تایبەتی دوای ئەوەی خیلافەت دوچاری دەیان كێشەو گیروگرفتی ناوخۆیی بوەوە، لەبەرئەمەش كوردەكان هەوڵیانداوە سود لەململانێ ناوخۆییەكانی خیلافەت وەرگرتووە و بەردەوام هەوڵی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی خۆیانداوە لە ناوچەكانیاندا(توفیق، ٢٠١١:١٧). هەرلەسەرەتای گەیشتنی ئاینی ئیسلام بە هەرێمەكە، ناوچەكە بووەتە جێگەیەكی لەبار بۆ بزوتنەوە جوداخواز ونەیارەكانی دەسەڵاتی ناوەند، كە ئەمەش لەبەرئەو تایبەتمەندییە جوگرافی و ئابووری هەرێمەكە بووە، ئەگەر سەیری تۆبۆگرافییای ناوچەكە بەكەین دەبینین كە بە شێوەیەكی فراوان چیا هەرێمەكەی داپۆشیوە ئەمەش تایبەتمەندییەكی وای داوەتێ كە بە ئاسانی هەرێمەكە كۆنترۆڵ نەكرێت، ئەم تایبەتمەندییەش بۆ گروپە جوداخوازەكان گونجاوبووە هەتابتوانن خۆیان لە لەناوچوون بپارێزن، هەروەها دوریی ئەوناوچەیە لە پایتەختەوە هۆكارێكی دیكەی گرنگ بووە.(محی الدین، ٢٠٠٧: ١٧٥).

هەرئەم هۆكارانە وایكردووە كە هەر لە سەرەتای دروستبوونی گروپی جیاخوازی وەك شیعەوخەواریج ڕوو لەناوچەكە بكەن، لەوانە بزوتنەوەكەی (فروە كوڕی نوفل ٣٧-٤٢ك/٦٥٨-٦٦٤ز)، (زیاد فراش كوڕی ئەلعەجلی٥٢ك/٦٧٢ز)، (شبیب كوڕی یەزد ئەلخارجی ٧٧ك/٦٩٧ز)، (ئەبی عومەر ئەلشاری ١٨٤ك/٨٠١ز) هەروەها ناوچەكە شوێنێك بووە بۆ خۆپەنادانی ئەو سەركردانەی كە شۆڕشەكانیان لە ناوچەكانی تردا شكستی دەهێنا،(اسماعیل-محمد،٢٠٢٢:١٦٨-١٧٠) كۆمەڵێك پاڵنەر هەبووە بۆ ئەوەی كە هەرێمەكە ببێتە پشتیوان و پەنادەری بزوتنەوە جودا خوازەكان، لەوانە لایەنی ئاینی و سیاسی و ئابووری و هۆكاری پێشینەیی.

١- سەبارەت بە پاڵنەری ئاینی دەتوانین ئاماژە بكەین بەوەی كە دانیشتوانی ناوچەكە پێش گەیشتنی ئاینی ئیسلام ناوچەكە ئاینی تایبەت بەخۆیان بوون، گرنگترین بیروباوەڕەكانیش بریتی بوون لە ئاینی زەردەشتی و ئاینی یارسان بوون كە خەڵكی بەشێوەیەكی فراوان پابەندیان هەبووە بۆیان، چونكە ماوەیەكی زۆربوو ئەو ئاینانە هاتبوونە ناو كۆمەڵگە، ولە كۆمەڵگەدا ڕەنگیان دابووەوە, لەبەر ئەمەش باوەڕهێنان بە ئاینی ئیسلام كارێكی ئاسان نەبووە، ئەگەر لەڕووی سوپاوە توانیبێتیان بەسەر

ناوچەکەدا زاڵببن و ملکەچییان بکەن، بەڵام ئەو ملکەچبوونە تەنیا بە ڕووکەشبووە، چونکە بەپێی سەرچاوەکان بێت تا سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی خەڵکی ناوچەکە پابەندی بیروباوەڕەکانی خۆیان بوون، و ڕێوڕەسمە ئاینیەکانی زەردەشتیان پەیڕەوکردووە، لە ڕەوشێکی لەم شێوەیەدا دانیشتوانەکەی هەمیشە لەپشت بزوتنەوەی جیاخوازەکاندا بوون، هەتا بتوانن هەم درێژە بە مانەوەی بیروباوڕەکانیان بدەن و لەهەمانکاتدا ئەو بزوتنەوانە کە دژ بوون بەردەوام دەسەڵاتی ناوەند لاواز و سەرقاڵ بکەن (محی الدین، ٢٠٠٧: ٢٠٢).

٢- سەبارەت بە پاڵنەری سیاسی سەرەڕای ئەوەی کە ناوچەکە شاخاوی بوو لە هەمان کاتتدا خاوەنی چەند قەڵایەکی سەردەمی دەوڵەتی ساسانییەکان بووە، کە یارمەتیی دەرێکی باشبووە بۆ بزوتنەوە چەکدارییەکان، لە هەمانکاتتدا بچوککردنەوەی خیلافەت ودەسەڵاتی سیاسی لە ناو نەتەوەیەک یان بنەماڵەیەک یان گروپێکی دیاریکراودا، ببووە خاڵێک بۆ نزیک کردنەوەی نەتەوە جیاکان وگروپە جیاجیاکان، دانیشتوانی ئەو ناوچەیەش بە دولایەن لەسەر ئەوخاڵە کۆکبون، لەلایەک لەبەر کورد بوون لەلایەکی دیکەوە وەک پێشتر باسکرا بەشیک لە دانیشتوانەکەی لەسەر ئاینی پێشویان بەردەوامبوون، هەر ئەم دوو بنەمایەش دەکرێت بوترێت دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە ڕووی سیاسیەوە پشتیوانی دەسەڵاتی گروپە نەیارەکانیان بە هۆکارێک زانیوە بۆ ئەوەی بە مافەکانی خۆیان بگەن ئەوەش پاڵنەرێکی گرنگبووە بۆ ئەوەی ناوچەکە بکەنە ناوچەیەکی گونجاو بۆیان(محی الدین، ٢٠٠٧:٢٠٨).

٣- پاڵنەری ئابوری یەکێکە لە پاڵنەرە گرنگەکانی دادەنرێت بۆ نزیکی نێوان دانیشتوانی هەرێمەکەو بزوتنەوە نەیارەکانی دژ بە خیلافەت، چونکە وەک شتێکی ئاسایی هەرکاتێک بیرو باوەڕیک یان ئاینێکی نوێ دەچێتە کۆمەڵگەیەکەوە بەشێک لەو کۆمەڵگەیە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئاین و بیروباوڕەکانی پێشتری کۆمەڵگەکەدابییە، لەلایەکی دیکەوە زۆری ئەو باج و سەرانە جۆراوجۆرانە بە ناڕەوا بەسەر خەڵکیدا سەپێنراوە هۆکارێکی دیکە بووە لەو باجانە کە باسکراوە (نەورۆزانە) کە باجێکی ناڕەوا بووە(الجهشاري،١٩٣٨:٢٤؛ محی الدین، ٢٠٠٧: ٢١٠).

**سێیەم / دەسەڵاتدارانی کورد لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا لە سەدەکانی (٤-٥ ک/١٠-١١ز).**

هەرچەندە لە سەرچاوەکاندا لەسەردەکانی سەردەمی خیلافەتی ئیسلامدا هیچ ئاماژەیەک نییە سەبارەت بە هەبونی دەسەڵاتێکی تایبەت لە ناوچەی ڕۆژئاوای هەرێمی چیا، دیارە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لەسەردەمی ڕاشیدین و ئومەوی مەرکەزییەتێکی تەواو هەبووە، ودانیشتوانی هەرێمەکە نەیانتوانیوە هیچ دەسەڵاتێک یان میرنشینێک دابمەزرێنن، بەڵام ناوچەکە بوەتە پێگەیەکی گرنگ پشتیوانیەکی بەهێزی گروپە جیاخواز وخەواریجەکان، بەڵام لەسەردەمی دەوڵەتی عەبباسیدا بارودۆخەکە گۆڕاوە و لە ئەنجامی لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەند دیاردەی جیاخوازی لەناو دەوڵەتی عەبباسیدا ڕویدا و لەسەرانسەری دەوڵەتەکەدا چەند دەسەڵاتێک دامەزران، لە هەرێمە کوردنشینەکانیش کۆمەڵێک میرنشین دامەزران کەبەشێوەی نیمچە سەربەخۆ دەسەڵاتداری ئەو هەرێمەکانیان کردووە.

ناوچەکانی هەرێمی چیا بەتایبەت ڕۆژئاوای هەرێمەکە بێبەش نەبوون لەو دەسەڵاتە خۆ جێیانە، لەو ماوەیەدا چەند دەسەڵاتێکی تێدا دامەزراوە، وەک(عەیشانییەکان) میرنشینی (حەسنەوەی)و (عەننازی)، کەبۆ ماوەی چەند سەدەیەک بوونە دەسەڵاتداری ناوچەکە.

١- **عەیشانییەکان:** یەکەمین دەسەڵاتێک کە لە ناوچەکەدا ناوی هاتبێت لەسەردەمی عەبباسیەکاندا عەیشانیەکان بوون، هەچەندە زانیارییەکان لەسەریان کەمە و تەنها چەند ئاماژەیە تێناپەڕێت، ئەویش لەو باسانەدا کە پەیوەستن بە دەسەڵاتی حەسنەوەییەکانەوە، بەڵام لەو ئاماژانەدا باس لەوەکراوە کە دەسەڵاتەکە لەلایەن دووبرای کوردەوە دامەزراوە بەناوەکانی (ویندادو غانم) و بۆماوەی پەنجاساڵ درێژەی هەبووە(ابن الاثیر، ج٧: ٣٧٠-٣٧١)، و فەرمانڕەوایی ناوچەکانی دەوروبەری دینەوەر وهەمەدان وسامغان و شارەزووریان کردووە، ئەوەش زانراوە کە ئەوانەی ئەم دەسەڵاتەیان دامەزراندووە سەربە هۆزی بەرزیکانی کوردیبوون، هەتا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی(٤ک/١٠ز) فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی فراوانیان کردووە(حسن، ٢٠١١:٢٠) و خاوەنی سوپایەکی جەند هەزار کەسی بوون، پاش ماوەیەک کەسێک بەناوی حوسەین بەرزیکانی کە خزمی (ویندادو غانم)بوو دەسەڵاتی حەسنەوەیەی دامەزراند دەستی گرتبەسەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی عەیشانیەکاندا(ابن الاثیر، ج٧: ٣٧٠-٣٧١).

٢- **حەسنەوەییەکان:** حوسەینی بەرزیکانی لەدەوروبەری ساڵی(٣٣٠ک/٩٤٢ز) دەستی کردبوو بە چالاکی وفراوانخوازی و دەسەڵاتی فراواندەکرد بەسەر ناوچەکانی دینەوەر و هەمەدان و نەهاوەند، ئەم فراونخوازییەی کە حوسەین دەستی پێکردبوو وای لە خەلیفە کردبوو کە بە چاوی مەترسی لێیبڕوانێت، بەتایبەت پاش دەستگرن بەسەر قەڵای شارەزووردا، ئەمەش وایکردووە دووجار خەلیفە سوپا بەمەستی هێرشکردن بنێرێتە سەر دەسەڵاتی حەسنەوەییەکان لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان، بە

مەبەستی كۆتاییهێنان بە دەسەڵاتەكەی حوسەین، بەڵام لەساڵی (٣٣٨ك/٩٥٠ز) ئەم هەوڵانە سەرناگرن (ابن كثير، ٢٠٠٣: ٣٩٨).

لەپاش مردنی حوسەینی بەرزیکانی لەساڵی (٣٤٨ك/٩٦٠ز) دەسەڵات كەوتە دەست كوڕونەوەكانی، و بەردەوام بوون لە فەرمان ڕەواییكردنی ناوچەكە تا ساڵی (٤٠٦ك/١٠١٥ز)، بەڵام وادەردەكەوێت كە دەسەڵاتی حەسنەوەییەكان لە دوای حوسەین بەهێز تر بوبێت بۆ نمونە لە سەردەمی (حەسنەوەیەی كوڕی حوسەین) لە ئەنجامی ئەو پشتگیرییەی لە بوەیهیەكانی دەكرد، ڕەزامەندی (روكن ئەلدەولە)ی بووەیهی بەدەستهێنابوو، وە وای لە بووەیهیەكان كردبوو وا هەست بكەن مانەوەی دەسەڵاتەكەیان پەیوەستە بە كوردەكانەوە، وەك وتویەتی(دولتي مقرونه بدوله الاكراد)(ابن مسكويه، ٢٠٠٠: 321/6).

بەڵام دواتر ئەو پەیوەندییە بەم شێوەیە نەمایەوە چونكە خواستی دەستگرتنی بەسەر ناوچەگرنگەكان و بەتایبەتی دەستگرتن بەسەر خودی خیلافەت، لەهەمانكاتدا گرنگی شوێنی جوگرافی دەسەڵاتی حەسنەوەییەكان، چونكە دەكەوتە سەر ڕێگە بازرگانییەكانی ئەوسەردەمە، و لەلایەكی دیكەوە میرنشینەكە جێگەی پەنادانی هەڵاتوانی دەستی بوەیهیەكان، ئەمەش بارودۆخەكەی گەیاندە ئاستی لەشكركێشی و پەلاماردان لەساڵانی (٣٥٣ك/ ٩٦٥ز) و (٣٥٩ك/ ٩٧٠ز) دوجار بوەیهیەكان هێرشیانكردە سەر میرنشینی حەسنەوەییە(مرعي، ٢٠٠٥، ص١٤١)، بەڵام حەسنەوەییەكان لەڕێگەی ڕێكەوتنەوە ناوچەكەیان پاراست لەوەی ببێتە مەیدانی شەڕو كاولكاری، كە ئەمەش بۆ لێهاتوویی میر(حەسنەوەیە) دەگەڕێتەوە لەڕوی سیاسی و دیبلۆماسیەوە.

پاشان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بەدری كوڕی حەسنەویە (٣٦٩-٤٠٥ك/٩٧٠-١٠١٤ز) ڕۆژئاوای هەرێمی چیا بوژاندنەوەی بەخۆیەوە بینی، مێژوونوسان كۆكن لەسەر ئەوەی سەردەمی میر بەدر سەردەمی بوژاندنەوەی هەمەلایەنە بووە، لە ناوچەكانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیا، و كارەخێرخوازییەكانی میر بەدر هۆكاری خۆشگوزەرانی دانیشتوانەكەی بوون، ئەو شوێنەوارو پاشماوە مێژووییانەش كە بەجێماون گەواهی دەری ئەو ڕاستیەن كە ناوچەكە لەڕوی ئاوەدانیەوە پڕ خزمەتگوزاری بووە، و دەسەڵاتە كوردییەكەش جێگەیەك بووە بۆ خزمەتكردن و گەشەسەندنی ژیان و كلتوری كوردەواری نیشاندانی شارستانیەتی كورد لەناو جیهانی ئیسلامی ئەوكاتە(امين زكي، ٢٠١١، ص٤٩؛ ڕۆژبەیانی، ل٧٥، شەرفخانی بەدلیسی، ١٣٨٨: ٣٤-٣٦؛محمد، ٢٠٢٠: ٧٤).

٣- **عەننازییەكان:**پاش ماوەیەك لەئەنجامی ململانێی ناوخۆی ناوبنەماڵەی حەسنەوییەكانەوە دەسەڵاتەكەیان بەرەو لەناوچوون ڕۆیشت و لەساڵی(٤٠٦ك/١٠١٥ز) دەسەڵاتیان نەما و بنەماڵەی بەنی عەنناز دەستیان بەسەر هەرێمەكەدا گرت و ئەو بۆشاییە سیاسیەیان پڕكردەوە كە لە ئەنجامی نەمانی میرنشینی حەسنەوەیی دروستبوو، عەننازییەكان سەربە هۆزی (شازنجان، شازەنگان، زەنگەنە) بوون كە هۆزێكی گەورەی هەرێمی چیایە، ناوچە شاخاوییەكانی حلوان و كرماشان بە زێدی دێرینی (شازنجان و گۆران) دادەنرێت، گۆرانەكان لەو ناوچەییە خەریكی كشتوكاڵ و ئاژەڵداریكرن بوون، و شازنجانیەكانیش زیاتر ژیانیان لەسەر ڕێگاو بانە بازرگانیەكان بوو كە بەوناوچەیەدا تێپەڕ دەبوون(توفيق، ٢٠١٢: ١٨٤؛ محمد، ٢٠٢٠: ١٦٢).

سەبارەت بە ناوی میرنشینەكە (عەننازی) یان (عەیاری) دەگەڕێتەوە بۆ ناوی سەرۆك هۆزەكەیان كە ناوی (عەنناز) بووە هەربۆیە بەناوی بەنی عەننا(امين زكي، ٢٠١١: ١٧٥) یان هەندێكجاریش بە بەنی عەیار ناسراون(ڕۆژبەیانی: ١٨٣)، بە پێچەوانەی حەسنەوییەكانەوە كەمتر باسی كارە ئاوەدانكردەوەكانیان كراوە، بەنی عەنناز زیاتر لەو ڕوداوانەدا ناویان هاتووە كە باس لە ڕێگریكردن و دروستكردنی گرفت بوون بۆ وەفدەكانی خەلیفە یان دەسەڵاتی بووەیهیەكان كاتێك بەناوچەكانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیادا تێپەڕبون.

هەرچەندە ئەم میرنشینە كوردییانە دەسەڵاتێكی نیمچە سەربەخۆییان هەبووە، لە سنورێكی دیاریكراودا، بەڵام ڕۆڵێكی گەورەیان گێڕاوە لە گەشەپێدانی شارستانیەت وژیاری كوردەواری .

**تەوەری دووەم: پێگەی ژن لە چوار چێوەی ئاینی یارساندا:**

(یارسان - ئەهلی حەق - كاكەیی) كۆمەڵەیەكی ئێتنۆ ئایینین لە نێو قەوارەیەكی ئێتنۆسی كوردیدا ولە شوێنەكانی خۆیاندا دوورەپەرێزانە دەژین، خاوەنی باوەڕێكی ئاینی و گەلێ نەریتی تایبەتن بە خۆیان، یارسانەكان لە ئێستادا بە شێوەیەكی سەرەكی لە ناوچە سنورییەكانی نێوان كوردستانی عێراق وكوردستانی ئێراندا بەشێوەی گروپی بچوك دەژین، تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەك سەبارەت بە ژمارەی یارسانەكان لە ئارادا نییە، لە ماوەی نزیكەی (١٢٠٠)ساڵ، واتە لەسەرەتای دەركەوتنی ئاینی یارسان شێوازی گۆران (هەورامی)یان بەبنەمای دەربرین وەرگرتووە.(میران، ٢٠١٧:١٩٢).

ئاینی یارسان لە بناغەوە ڕێبازێكی سۆفیگەری عیرفانییە، كە لە جەوهەردا هەمان ڕێگەی سۆفی وعاریفانی ئاینەكانی دیكەیە، هەر لەبەر ئەوەشە كە یارسان سۆفی وعاریفە گەورە و ناودارەكانی جیهانی ئیسلام بە هی خۆیان دەزانن، كە

لەسەدەی(٢-٣ک/٨-٩ز) وە تا ئەمڕۆ پەیدابوونە و بەیارو دۆست ڕێنومای خۆیان دەزانن و زۆربەیان لە نجیرە دۆناودۆنەکان ناویان تۆمارکراوە و لە تێکستە پیرۆزەکانیشیاندا ناویان هاتووە(تاهیر، ٢٠٠٩:٦٧٥).

هزرو ڕامانی ئاینی یارسان هەرلەسەرەتاوە، وەکو بزافێکی کۆمەڵایەتی و فکری وفەلسەفی سەری هەڵدا دژ بە ستەم وزۆرداری ودەسەڵاتی سەردەمانی بەر لە دوازدە سەدە بەم لاوە ئەم بزافە تاک وتەنیا و گۆشەگیر نەبووە ولە پەراوێزدا نەژیاوە، بەڵکو هەمیشە تێکەڵاوی جوڵانەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بووە بەرەو ڕزگاری وگەیشتن بە کەماڵی ڕۆحی، شارەزایان دەڵێن کە ئاینی یارسان شۆڕش بووە دژی سیستەمی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابووری سەردەمی خۆی، کە سەرانسەری چیاکانی زاگرۆس و دەوروبەری گرتووەتەوە، هەربۆیە زیارەتگە و مەزارگەی پێشەوا ڕوحانیەکانی یارسان لە نزیک تەبرێز و ئەردەبیل و تا هەمەدان و کرماشان و هەورامان و شارەزور ولوڕستان و بەغدا وکەرکوک و موسڵدا هەن و ژن بەشێکی کاراو زیندوی ئەم خەبات و قوربانی دانەیە، شوێنەواری مێژوویی هەموو ئەوانە ماون و ئێستاش پارێزراون و جوگرافی ناسانی ئەم وڵاتانە ئاماژەیان بۆ دەکەن، هەندێکیان تەنها زیارەتگای یارسانەکان نین، بەڵکو باوەڕداری ئایین وئایینزاکانی دیکەی دەوروبەریش یادیان دەکەنەوە سەردانیان دەکەن(کاکەیی،٢٠١٢: ٥-٦).

یارسانەکان ئاری نەژادن وسەر بە لقی هیند وئەورووپین و لە زەمەنێکی نادیاردا واتە چەند هەزار ساڵ بە لە زایین هاتونەتە ناوچەکانی ئێستای کوردستان، و ناوچەی هەورامان بەتایبەت بۆ پەیڕەوانی ئاینی یارسان سەرچاوەی هەموو پێشهاتە ئاسمانییەکانە وهەموودیاردە ئاینیەکان لەم سەرزەمینەدا دەردەکەوێ، شوێنەکانی نیشتەجێبوونی یارسانەکان لە کوردستاندا، لە کۆنەوەتا ئەم سەردەمە هەندێک گۆڕانکاری بە خۆیەوە دیوە، بەڵام ئەوەی کە هەموان هاوڕان و پێداگری لەسەر دەکەن ئەوەیە، کە لەسەرەتادا ئاینی یارسان لە ناوجەکانی هەورامان و شارەزوور و لوڕستان(ڕۆژ ئاوای هەرێمی چیا) بڵاو بونەتەوە و گەشەیکردووە، جا دواتر گەیشتۆتە ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (تاهیری، ٢٠٠٩:٥٧٧).

گرنگترین و پیرۆزترین کتێبی یارسانەکان کتێبی (سەرئەنجام)ە، کە بەتەواوەتی لە سەدەی (٨ک/١٤ز)لە لایەن یارسانەکانەوە نوسراوەتەوە، ئەوەی کە گرنگە ئەم کتێبە بەسەر شەش بەشی سەرەکیدا پۆلێنکراوە کە بریتین لە (بارگە بارگە، دەورەی هەفتەوانە، گڵیم و کۆڵ، دەورەی چلتەن، دەورەی عابیدینی جاف، وردە سەرنجام)، کە بنەماو تایبەتمەندی هەموو یاساو ڕێساکانی ئەم ئاینە لێرەدا نوسراوە، جگە لە مانە چەندین کتێبی دیکەیان هەیە کە بەپێی پۆلێن بەندی بەم بەمجۆرەن ١-دەورە. ٢-کەلامەکان. ٣- دەفتەرەکان. ٤- دیوانە گەورە.(هەورامی، ٢٠١١:٧٢-٧٣)

سەبارەت بە پێگەی ژن لەم ئاینەدا بەپێی کتێبی پیرۆزی سەرەنجام ژن وپیاو هەردووکیان لە یەک پێکهاتە دروستکراون بەو پێیەش بێت ژن وپیاو لە ئەرک و مافدا یەکسانن(کاکەیی، ٢٠٢١ :١٤)، لە لایەکی دیکەوە پایەکانی ئاینی یارسان لە سەر ڕێزگرتن لەدایک دامەزراون، بەو پێیەکی پێگەی دایک لە ئاینی یارساندا لە پاش پێگەی یەزدان و خواوەند لە پلەی دووەمدایە، هەروەها بەرجەستە بوونی یەزدان لە سەر زەوی لە شێوەی ژنێکدا کە ناوی(دایە ڕەزباری پاکیزەیە) ئەمە ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی پێشەنگایەتی ژن لە ئاینی یارساندا.

هەروەها لە بواری ئایینداریشدا وەکو پیاوان توانیویەتی بە کۆتایی پلەی کەماڵ بگات، و مافیان هەبووە لە سەرجەم چالاکییە ئاینیەکاندا بەشداربیکەن لە دەورەکانی دەرکەوتنی خواناسی و زاتدارانی ئاینی یارساندا هەمیشە ژن یەکێکبووە لە چوار فریشتەکەی ئاینی یارسان کە خاوەن پایەی ڕۆحی بەرز وپیرۆزن(محەمەد،٢٠١٩:٧١)، ئەمانە هەموو خاڵی ئەرێنین سەبارەت بە ژن لە ئاینی یارساندا، بەڵام ئەوەی دەبێتە خاڵێکی نەرێنی سەبارەت بە ژن لەم ئاینەدا ئەوەیە کە سەرەڕای بەشداریکردنە فراوانەی پیاوان لە جەم و کۆنیشت و کۆبونەوە ئاینیەکاندا، بەڵام ژنان سەرەڕای بونی ئەو مافەیان، لە هەندێک سەردەمدا بێبەشنکراون لە بەشداریکردن لەم بۆنانەدا، کە ئەمەش یەکێکە لە مافەکانی ئاینی یارسان، کەدەکرێت بەگەڕانەوە بۆ پێگەیان لە ڕابردودا، ئەم ڕۆڵەیان زیاتر دەربکەوێت، و ژنانیش شانبەشانی پیاوان بەشداریان لە بۆنە ئاینەکاندا هەبووە(کاکەیی، ٢٠٢١ :١٤).

بەتایبەت لە دەورەی باوا سەرهەنگ بەدواوە ڕۆڵی ژنان لە ناو ئاینی یارساندا زیاتر دەرکەوت، چونکە لەو سەردەمە بە دواوە ژنان بەشێوەیەکی فراوان دەستیانکرد بە کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی یارسان، چەند ژنێکیس لەو بوارەدا بە نوسینی هۆنراوە و تەمبور ژنین و بابەتی سۆفیگەری ڕۆڵیان گێڕاوە، (ڕۆستەم، ٢٠٠٦:٥٠)، لەناو تێکستەکانی سەرئەنجامدا ناوی زیاتر لە (١٦) ژن وکچ لە ناو ڕۆحانی وگەورە یاراندا هاتووە، کە هەندێکیان تەمبورژەن وخوێنەری بە ئاوازی سرودی ئاینی یارسان بوونە وشانبەشانی پیاوان سرودی سۆفیگەری وعیرفانیان داناوە(کاکەیی، ٢٠١١:٢٤).

لە ڕوی کۆمەڵاتیەوە ولە بابەتەکانی وەک هاوسەرگیری وتەڵاق و مارەیی ومیراتەوە ژنان مافیان پارێزراو، شان بەشانی پیاوان، لە ئاینەکەدا ڕێگە دراوە پیاو تەنها یەک ژن بهێنێت و فرەژنی وتەڵاق رێگە پێدراو نیە بەبێ هۆکاری دیاریکراوی وەک (نەزۆکی و مردن)، بەڵا بەپێی سەردەمەکان لەژێر کاریگەری کۆمەڵگەو دوروبەر لەناو یارسانەکانیشدا تەڵاق و فرەژنی

پەیدابووە هەروەها مافی ژن لە میراتدا یەکسانە بە پیا و، جگە لەوەی کە مافی ژنانە لەسەر خێزانەکانیان تا فێری زانست وئاین بکرێن، هەروەها پەیڕەوکارانی ئەم ئاینە بۆیان هەبووە هاوســـەرگیری لەگەڵ کســـانی دیکە لە دەرەوەی ئایننەکەیان بکەن، لە بابەتی مافی ژناندا خاڵی هاوشـێوەو لەیەکچو دەبینین لەگەڵ ئاینی زەردەشـتدا (نەبەز، ٢٠٠٩:٢٧)، بۆیە بەهەمان شـێوە لەلای یارسانەکان ڕێزگرتن لە ژنان چالاک بووە، لەکاروباری ژیانی گشتی کاریگەری راستەوخۆی ئاینی زەردەشتی پێوەدیارە، بۆیە ژن زەحمەتکێشن وەک پیاوان بەشێکن لە ژیانی دەرەوەوناوەوەی خێزان، بێ خۆشاردنەوەو خۆ، لە بنەڕتدا ژنانی یارسان کەمتر خۆیان دەرازێننەوە، کەمتر وەها خۆیان پیشانی دەرەوە دەدەن، بەڵام لە ئێستادا پێشکەوتن وجیهانگەرایی کاریگەری لەم لایەنەش کردووە وئەو بارەی گۆڕیوە، لە دیوێکی ترەوە بەپێی ئاینی یارسـان لە گۆشـەنیگای دۆنا دۆنەوە، ڕۆحەکان یەکسـانن و ڕۆحی ژن و پیاو جیاناکرێتەوە و بە هیچ شـــێوەیەک ناکرێت پایەی ڕۆحی ژن بەکەمتر یان نزمتر بزانرێت، چونکە ڕەنگە لە پلەی کەمالی ڕۆحدا پیاو بەجێبهێڵێت.(کاکەیی، ٢٠١١:٢٥).

ئەو پێگە گرنگەی ژن لە ئاینی یارســاندا کە پێشــتر باســمانکرد لە ســەدەکانی (٤-٥ک/١٠-١١ک) دەرکەوتووە وڕەنگی داوەتەوە، ژنان ســـودیان لە گرنگی و پێگەی خۆیان بینیووە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیادا بە شـــێوەیەکی جیاواز لەناوچەکانی دیکە بەئازادانە لەبوارەکانی ئاینی و ئەدەبی و هونەری هاتونەتە پێشەوە، دیارە ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک بووە کە گرنگترینیان ئەم دووهۆکارەیە:

١- دەتوانین ئەو بەرەو پێش جوونەی ژنان لەبواری هۆنراوەدا، بگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی کە بنەماو کتێبە پیرۆزەکانی ئەم ئاینە زۆربەیان بە هۆنراوە نوســـراون، کە ئەوەش هۆکارێک بووە هەتا ژنان لە ڕێگەی ئاینەکەیانەوە بە پیرۆز تەماشـــای هۆنراوەو هۆنراوە نوســین بکەن، و هەرلەڕێگەی بەیتە پیرۆزەکانی ئاینی یارســـانەوە ئاشـنایەتی تەوای هۆنراوە ببن و دەســت بکەن بە نوسینی هۆنراوە.

٢- دامەزراندنی چەند میرنشـــینێکی کوردی لە ڕۆژ ئاوای هەرێمی چیادا، بەتایبەتی میرنشـــینەکانی (حەســـنەوەییە وبەنی عەنناز) کە ئەم میرنشینانە یارمەتیدەری گرنگبوون بۆ دەرکەوتنی ڕۆڵی ژنان و هاوکات گەشە سەندن و کۆمەڵگەی کوردی لە بوارە جیاجیاکاندا و لەناو ئەو بوارانەشـــدا ئەدەب و هونەر و بوژاندنەوەی ئاینەکانی ناوچەکە، بەتایبە ئاینی یارســـان چونکە دەکرێت ئەم سەردەمە بەسەردەمی دوبارە بوژاندنەوە و گەشەسەندنی ئاینی یارسان بناسرێت.

**تەوەری سێیەم: پێگەی ئەدەبی ژن لە رۆژئاوای هەرێمی چیا لە سەدەی(٤ -5ک/١٠-١١ز).**

بە پێی فاکتە بەردەســـتەکان ژنانی کورد لە ســـەدەی(٤ک/١٠ز)، هاتوونەتە گۆڕەپانی نووســـین کە لە ئاینی یارســـان و قوتابخانەی گۆران دەســـتیان پێکردووە وەکوو ئەوەی جێگای باســـبێت لە میراتی ئەدەبیاتی ئایینی یارســـاندا ناو و شـــیعری ژمارەیەک ئافرەت هەن، کە هەندێک لە مێژووناســـی کورد لە بەرهەمەکانیان وەکو قۆناغێکی شـــیعری کوردی باســـیان لێوە کردوون،وهەندێکیش باسیان نەکردووون.

لە خوارەوە لەگەڵ باسکردنی ئەو ژنە شاعیرانە،بۆ هەر یەکێکیان چەند بەیتێک لە هۆنراوەکانیانمان هێناوە .

**1- دایە تەورێزی هەورامی(سەدەی ٤ک/١٠ز).**

دایە تەورێز یەکێکە لە ژنە خواپەرســـتەکانی ســـەدەی (٤ک/١٠ز)، و یەکێکە لە رێنماییکارانی ژنانی ســـەردەمی خۆی و لەجەمخانەکانی هەوراماندا (بورەکەئی:مشاهیر اهل حق، ص٣٢)و شـاعیرێکی هەست ناسك وپەیڕەوکارێکی ئایینی یارسـان و ڕۆشـنبیر بووە. لەســـەرەنجامدا هاتووە: لە ســـەرەتای ســـەدەی (٤ک/١٠ز)، لە هەوراماندا هاتووەتە ژیانەوە. دیارە لەو کاتەی ئەو لە زیاندا بووە ناوچە کوردییەکان بەر شاڵاوی داگیرکەران کەوتووە بۆ سڕینەوەی مۆرکی ئایینی و کلتووری کوردان و کاتێك هەســـتیان بە مەترســـی هێرشـــی بێگانان کردووە بۆ ناوچەکەیان، بەدەم بانگەوازەکەی"بابا ســـەرهەنگی دەودانی "یەوە چووە. بابا سەرهەنگ یەکێك بووە لە پەیڕەوانی ئاییني یارسان (بۆرەکەیی,2008:71) .

کاتێك(بابا سەرهەنگ) هەواڵی کوژرانی هاو ئایین و هاو زمان و هاو نیشتمانیانی دەبیستی و هەواڵی بەدیل چوونی شەن و کەنیکان دەژنەوێت، دەداتە کێوەکانی هەورامان و بانگەوازی ئاین و شۆڕشێکی نوێ دەکات وەك لەم دو بەیتیەدا دیارە:

پەی ئامانتان، پەی ئامانتان
گرد ئامادەیان پەی ئامانتان
ئەز مەڵهەم مەنیەو ئەزامانتان
مەرەسم وەهەق ئیمامانتان

واتە: پێویســـتمان بە یارمەتیتان هەیە هەموو کۆ ببنەوە بۆ یارمەتی برینتان مەلحەم دەکەم مافی ڕبەرو ئیمامانتان ڕادەگرم (خەزنەدار، ٢٠٠١: ٢٣٤).

شـــاعیر (تەوریزی هەورامی) یەکێک بوو لە هاوەڵانی پیرۆزی یارســـانی (بابا ســـەرهینگی دۆدانی)، وەک چۆن وەڵامی بـانگەوازی ئەم پیرۆزەی دایەوە، بۆیە پەیوەنـدی بە بەرەی بەرخۆدانی چەکداری یـارســـانییەوە کرد و بەئـازایەتی شـــەڕی داگیرکەرانی کرد.

ئەم خـانمە شـــاعیرە لەگەڵ ئەوەدا بوێژێکی خـامە ڕەنگین و وشـــە نـاســـك بووە تەمبورژەنێکی لێهـاتووش بووەولەگەڵ زایەڵەی(تەموورە)دا(کەلامی)خوێندووە(کاکەیی، ٢٠٢١: ١٥).

دایە تەوریز یەکەمین شـاعیری ئافرەت بووە لە (ســەرەنجام) دا شـیعری هەبووە، کۆمەڵێك دەقی جوانی لەپاش بەجێماوە لە شـێوەی دوو بەیتی و لە کتێبێکدا بەناوی "دەورەی بابا ســەرهەنگدایە تەوریز لە کۆتایی ســەدەی چوارەمی کۆچی لە هەورامان کۆچی دوایی کردووە(ڕۆســـتەم، ٢٠٠٦: ٤٨) و هەر لەوێش نێژراوە مەزارگەی ئەم شـــاعیرە یارســـانییە دەکەوێتە نزیک شـــارۆچـکەی تەویـڵە کە دەکەوێـتە پـاریـزگـای هەڵەبـجە لەبـاشـــووری کـوردســـتـان (مـحەمەد, ٢٠١٩:٧٥).

ئەمەش نموونەی شیعرەکانیەتی کە دو بەیتین :

ڕازەن پیاڵەم، ڕازەن پیاڵەم
سەرسامم نەبەزم ڕازەن پیاڵەم
بادەی پیاڵەم یاوا وەناڵەم
چونکە ناڵەکەم بەرز بی نەعاڵەم

واتە:پیاڵەی مەی نۆشی و ڕازی جوانیم پڕە لە نهێنی و لە بەزمی جەمدا سەر سامم و بادەی پیاڵەم بە فریادم گەشت و ناڵەم گەشتەبەرزای دونیا.(تاهیری، سەرنجام، ٢٠٠٧)

تەوریز دەیەوێت بڵێت: لە ئەفسونەوە پیاڵەیەك مەی درایە دەستم و مەستی کردم. لە مەستیمدا سەرسامی بەزمی جەم بووم. لەوێدا یاران لە پەنهانی ئەودیو نهێنییەکانەوەن، من دەروونم گڕی گرتبوو بە گڕی عەشـــقی پیاڵەی خاوەندکارم و ناڵە و هاوارم گەردوونی گرتبوو بەو پیاڵەی پڕ لە مەیە جۆش و خرۆشی دەروونم دامرکایەوە(بۆرەکەیی، ٢٠٠٨: ٧٣)

لەم دوو بەیتە دا گەشـــتی ڕۆژ فەلســـەفەیەکی قووڵی یارســـان دەردەبڕێت، دەیەوێت بڵێت کوپێک خواردنەوەم لە غەیب وەرگرتووە و سەرخۆشی کردووە. لە سەرخۆشییەکەیدا عاشقی مەراسیمی کۆبوونەوەی ئایینی یارسانی (جەم) بوو. عاشقی ئەم ئاینە هەن نهێنی حەقیقەت دەزانن. ڕۆحی بە ئاگری خۆشـــەویســـتی بۆ جامەکەی یەزدان (خودا) ســـووتا، نالە و هاوارەکانی گەردوونی پڕ کرد بۆ بەدەســـتهێنانی ئەو جامەی پڕ لە خواردنەوە، بە خواردنەوە کە وروژاندن و هەســـتە پشـــێوەکانی ئارام بووەوە. «خواردنەوە» لە لایەن شاعیرەوە بە واتای «باوەڕی یارسانی» دێت.

لە دووبەیتێکی دیکەدا دەنوسێت:

جەم پەی ڕاسانەن، جەم پەی ڕاسانەن
یاران یاوەران، جەم پەی ڕاسانەن
هەرکەس نێوەکێ کەرۆ ئاسانەن
جەم پەی ڕۆشنی زێل کەرۆ خاسانەن

واتە (ئەی یاران، کۆبونەوە لە جەمخانەدا بۆڕاستان وچاکانە، هەرکەسێک لەوێدا چاکە بکات، کاری سووک وئاسان دەبێت وئەم جەم و کۆبونەوە بۆ ڕۆشنی دڵ و دەروونی خواناسان و چاکانە، (جەم) بە پێی کتابی پیرۆزی (سەرەنجام)، یارسانەکان بۆ نەزرو قوربانی ونزاکردنی جەماعی، لە شوێنێکدا کۆدەبنەوە، کە پێی دەڵێن (جەمخانە) پیرو ڕابەری ئاینی دوعا(کلام) دەخوێنێ وتەمبوور دەژەنن وبە دەنگێکی دڵتەزێن و کـاریگەر هۆنراوەکـانی ســـەرەنجـام دەخوێنن و ئـامـادەبووانیش دوبـارەی دەکەنەوە(بۆرەکەیی: ٢٠٠٧:٧٤)

لە دوو بەیتییەکی تردا دایەتەورێز هەورامی دەڵێت:

زێڵکەران ڕەوشەن، زێڵکەران ڕەوشەن
یاران وەخوەرە زێڵکەران ڕەوشەن
سەرسپەردە بان وەیاری واشەن
بسازان پەرێ وێتا یوو جەوشەن

واتە:(بەپێی ڕامان وهزری ئایینی یارسـان بەئاگا وەرنەوە وسـەر بەرێبازی یارسـان بسـپێرن ودڵ دەرونتان ڕۆشـن بکەنەوە بە پرشنگ وتیشکی خودایی، چونکە ڕەوشتی خوایی پاک و جوانە).(هەورامی، 1 201: ٨١).

سەربارى زمانی شیرینی کوردی دایە تەوریز هۆنراوەی بە زمانی فارسی نوسیوە لە نمونەی ئەم هۆنراوانە :

یاشا من ساحب سر نبودم تو سرم بخشیدی

بخشیدنی سرم را بتومکرر خود می دید. (هەورامی:٢٠١١: ٨٢)

**2- جەلالە خانمی لوڕستانی(406- 467ک/١٠١٥-١٠٧٥ز).**

ئەم خانمە شاعیرە خودان ژیانێکی پڕ لە ئەفسانە و ڕووداوی سەرنج ڕاکێشە، ژیانی و شێوازی لەدایك بوونی(شاخۆشێنی) کوڕی وەك لەدایك بوونی عیسای کوڕی مریەمە ئەم شاعیرە لە لوڕستان لەدایک بووە کچی (میرزا ئامان)، فەرمانڕەوای لۆرستان بوو، هاوکات دایکی سێیەم داهێنەری ئایینی یارسان بووە(بورکەئی، ٣٣:١٩٨١)، کە ژیانە ئەفسانەییەکەی کاریگەری لەسەر هۆنراوەکانی هەبووە. جگە لە نووسینی شیعر، لە تەنبورژەنیندا دەستێکی باڵای هەبووە، لە گرنگترین بەیتەکانی بریتین لە:

نە بەرەی شاهی، نەبەرەی شاهی

ئارۆ نیشتەبێم نەبەرەی شاهی

مێردان و ژەنان مەشین وەشاهی

پەریَ شاخۆشێن مەدان گەواهی

واتە: ئەمڕۆ ژیانم لەبەردەم دەروازەی شا دا بوو، بەکامی دڵ تەماشای ژن و پیاوانم دەکرد کە دەستە دەستە دەچوونە لای (شاخۆشێن)ی کوڕم و بڕوایان بەو دەهێنا وشایەدی ڕاستییان بۆ دەدا وسەریان پێدەسپارد.(کاکەیی، ٢٠٢١:١٥)

هەروەها دەڵێت:

ئەی سوار دانا، ئەی سوار دانا

یەی فەرمان ئاما چەی هەفت ئاسمانا

خەلق لورستان وەزۆڵش مەزانا

پاکەن جەلالەی میرزا ئامان

بەرەی میرزا ئامانا بی وەگوڵو ڕێحان

لێرەدا گەڵاڵە خانم دەیەوێت پاکانەی ئەوە بکات کە کوڕەکەی لە ڕیگەی فەرمانێکی ئاسمانییەوە دروست بووە نەک ئەوەی کە خەڵکی باسیانکردووە کە گوایە شاخۆشین زۆڵ بووە، (ڕۆستەم، ٢٠٠٦: ٤٩).

لە جێگەی تردا دەڵێت :

مەستم خەبادەی ڕووی ئەڵەستی تۆ

وەسەن یەک جامیَ مەی جەدەستی تۆ

ئائینەی زێڵم ڕۆشنەن چون مەی

جەوبەنە بییەنم مەی پەرەستی تۆ

(تاهیری: 2007: ٢٠)

واتە:(ئەی خوایا، لەبادەی ڕۆژەکەی ئەلەست کەلەوڕۆژەدا گەوهەری هەموو بەندەکان پەیمانیان بۆ بەدیهێنانی مرۆ بەست و بەگەورەیی و یەکتایی تۆ گەوایان هێنا ئەوا من بە خواردنەوەی ئەوبادەیە مەستم و ئەگەر تەنها جامیَ تر لەوبادەیەم بدەیتیَ بەسمە و ئەوجامەمەیە دڵم دێنێتە سەر خۆی، بەڵام بە مەرجێک کە وادینیَ جامەمەیەکە بەفەرمانی خۆت بێت، ئێستا ئاوایینە دڵم وەکو مەی ڕوناکەو هەرلەبەر ئەوەیە کە من بومەتە مەی پەرستی تۆ).

**3- ڕێحان خانمی لوڕستانی(سەدەی٥ک/١١ز).**

ڕیحان خانم یەکێک بووە لە ژنە ناودارەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی و یەکێک بووە لە پیڕەوانی ئاینی یارسان و خانمە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە نزیک چیاکانی لوڕستان لە دایکبووە ولە نزیک خرم ئاباد کۆچی دواییکردووە، (بورەکەئی، ١٩٨١: ٣٣) ڕێحان خانم ئەستێرەیەکی دیاری سەردەمی فەرمانڕەوایی (عەییاری)یەکان بووە کە ئەم بنەماڵەیە حوکمڕانی ناوچەکانی شارەزوور و دینەوەر و کرمانشان و لورستانیان کردووە و لە قۆناغی فەرمانڕەوایەتی ئەواندا گەلێك بایەخ بە هونەر و وێژە و فەرهەنگی کوردی دراوە(بۆرەکەیی، ٢٠٠٨: ٧٥). لەرێحان خانمەوە چەندین دێرە شیعری بەرز و پاراو ماونەتەوە ئەمەش نیشانەی شارەزایی ئەو خانمە لە ئەدەب و زوان و هونەرەکانی شیعردا، ئەمە وێرای ئەوەی ئەم خانمە تەمورە ژەنێکی لێهاتوو بووە و بەدەم نەوای تەمبوورەوە شیعرەکانی خۆی لەو بۆنەئاینییەکانداخوێندووەتەوە(هەورامی، ٢٠١١: ٩٤).هاوکات یەکێک بووە لە یارانی شاخۆشین و بەو مەبەستەوە شیعری هۆنیوەتەوە بۆ نمونە دەڵێت:

خۆشین الست، خۆشێن الست

سرم جەسودای توبیین سرمست

گل وشمامەم هردو هانە دست

گوایی مدن چه خاس و چه گست

واتە:(ئەوڕۆژە دڵم پڕبوو لە خۆشەویستی و ئارەزووی تۆ، ئێستا گوڵ و دەستی پێغەمبەرایەتی تۆم لە دەست داییە، و هەرکەس بەتۆسەر ئەسپێرێت، وەک دەرکەوتنێکی خودایی قبوڵت دەکات(بورەکەئی، ١٩٨١: 35) ئەمەش نموونەیەکیتر لە شیعرەکانی:

ئەو ڕۆی ماتیان، ئەو ڕۆی ماتیان

بارگەی شام وستەن ئەو ڕۆی ماتیان

ئارۆ نیشتەبێم نه کۆشك کیان

دیم ئاوی ئەوڕۆ گەوارا وە گیان

واتە/ بارگەی شاو سەروەرەکەم لە (مانیان) هەڵیداوە روباری (مانیان) یان (مادیان) لە نێوان (کۆدەشت، و مەولاوی خورڕەم ئاوا) دایە و لای پەیڕەوانی ئەهلی هەق ئەم رووبارە پیرۆزە، ئەو رۆژە لەسەر کۆشکی رەوان و گیاندا دانیشتبووم و رووبارەکە کەوتە تافە تاف و باوەڕهێنان بە شاخۆشێن(کاکەیی، ٢٠٢١:١٦).

**4-فاتمه لوڕەی گۆران(سەدەی ٥ک/١١ز).**

لە سەدەی(٥ک/١١ز)لە شاری هەمەدان لەدایکبووە، لە سەردەمی (تغرول بەگی سەلجوک)دا ژیاوە. ئەم شاعیرە هاوچەرخی شاعیر بابا تاهر هەمەدانی بووە(کاکەیی، ٢٠٢١: ١٦)، لە بنەماڵەی بیری شاهی گۆران بووە، هەر لە گەنجیەوە بۆ فێربوونی زانست و گەیشتن بە حەقیقەت دەچووە لای شاعیر (بابا تاهر هەمەدانی) بۆیە عاشقی بووە. یەکێك لە ئەویندارانی بابا تاهیری هەمەدانی و دەروێشێکی عاشق بووە، عەشقێك پڕاوپڕ لە مەجاز، تا دواتخووبەکانی عاشق بوون و سووتاوی ئەوینی دڵ , بابا تاهر و ئەویش بڕیاریدا بۆ ساتێکیش جێی نەهێڵێت، بەڵام خۆشەویستی خۆی بۆ (بابا تاهر) ئاشکرا نەکرد تا جارێک، (شاخۆشین) سەفەری کرد بۆ شاری هەمەدان، و لەوێش سەردانی (جەمخانە) (بابا تاهر)ی کرد و شاعیر (فاتیمە)ی ناسی، هەستی کرد فاتیمە هەستی چییە بەرامبەر بە بابا تاهر، شاخۆشینیش بەڵێنی پێداوە کە کە لە ڕۆژی زیندووبونەوەدا پەیوەندی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، دیپر دانیاڵ داڵاهۆیی لە کتێبی (حەفتاو دوپیر) فاتمە لوڕەی بەیەکێک لە فریشتەکان وەسف دەکات و لە نمونەی تەقوا وتەقواداریدا ناوی ناوە ڕەمزی یارسان(بورەکەئی، ١٣٧٥: ١٣٦), دەوترێت بەشێک لە نامەکانی باباتاهیر بۆ فاتمە لورە نوسراون و دواتر گەیەنراونەتە ئەوروپا، دەڵێن باباتاهیر ئەونامانەی بە فارسی نوسیوە و سۆزی دەرون وئاگری خۆی بەرامبەر بە فاتمە بەونامانە دەر بڕیوە.

لە فاتمە لوڕەوە کۆمەڵێك دێرە شیعری ناسك بەرچاو دەکەوێت کە زۆرتر هەوای عەشقیان تێدایە و کەمتر سۆفی گەرایی.

گیان پەریٚ چێشەن، گیان پەریٚ چێشەن

هەرکەس تۆ دارۆ گیان پەریٚ چێشەن

وەنامت سەوگەند دەروون پڕ ئێشەن

بیٚ تۆ گیان و زێڵ هەمیشە ڕێشەن

ماناکەی

چی لە ڕۆحم بکەم؟ چی لە ڕۆحم بکەم؟

هەرکەسێک تۆی هەبێت پێویستی بە ڕۆح نییە

بە ناوی پیرۆزی تۆ سوێند دەخۆم کە ڕۆحم پڕە لە ئازار

بیٚ تۆ، ڕۆحم و هەستی دڵم هەمیشە پڕە لە ئازار

ئەمە سۆزی عاشقێکە بە رابەرەکەی دەڵێت گیانم ناوێت، گیان بۆچی باشە، راستە من زیندووم بەڵام سۆزی عەشق کوشتومی ئەگەر تۆ کارێکم بۆ بکەی بگەمە عاشقەکەم دووبارە گیانم وەبەر دێتەوە.ئەمانە هەستی کچێکی عاشق دەردەبڕن، بە خۆشەویستەکەی دەڵێن کە نایەوێت بژی، بەهای ژیان چییە؟ ڕاستە لە ژیاندایە، بەڵام ئاگری خۆشەویستی سووتاندووە. ئەگەر سەرکردەکەی یارمەتی بدات بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی، جارێکی تر ڕۆحی دەگەڕێتەوە ناو جەستەی و دووبارە دەژی(هەورامی، ٢٠١١: ٩٩).

رازدار یاریم، رازدار یاریم

و فرسان شا رازدار یاریم

شاهم بزەیش اما و زاریم

راز کرد و دەرمان درد کی کاریم

واتە:(بە فەرمان و دەستور شا خۆشین، من ڕاز داری یارسانم، شا بە گریەو زاریم بەزەیی پێمدا هاتەوە و ڕازداری بە من بەخشی، دەردەکەی چارە کردم)(بورەکەئی، ١٣٧٥: ١٣٧-١٣٨),

**5-لزا خانمی جاف (نسا خانم)سەدەی(٥ک/١١ز).**

لزاخانم یان نسا خانمی جافیشی پێدەگوترێت لەسەدەی (٥ک/١١ز)کۆچیدا لەشارەزور لەدایکبوەو پاشان رویکردوەتە لوڕستان و ژیانی لەوێ بەسەربردوە، خۆی خەڵکی شارەزور بووە، بەڵام لە لوڕستان شویکردووە، هەر لەوێ دەبێتە یەکێک لە کەسە شوینکەوتووەکانی شا خۆشین، ولوماوەیەکی کەمدا دەگاتە پلەی کەماڵ، جیاوازی ئەوەی ئەم شاعیرە یارسانییە لە شاعیرانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ڕەنگە یەکەم شاعیری یارسانی بێت کە شیعری لەسەر سروشت نووسیبێت، جگە لە شیعری ئایینی

وەفران بی وەئاو، وەفران بی وەئاو

وەهار چون ئاما، وەفران بی وەئاو

گوڵ و وەنەوشە هۆرێزان جەخاو

پەرێ ئارایش دەشت و کۆف و کاو

واتە: (بەفرەکان بوون بە ئاوو لەکاتی هاتنەوەی بەهاردا و گوڵ و وەنەوشە لەخەو هەستان بۆ ئەوەی ئارایشی دەشت و کێو بکەن)ئەم شعرە لە ڕوی بەهای شعرییەوە لە ئاستێکی باڵا دا بنرێت(هەورامی، ٢٠١٠: ١٠١).

حیدر صراف، حیدر صراف

نە حضور شا پامنیر وپیش

قبالە سرن بکرە اندیش

قبالەی ماری نەتاش مصاف

واتە(ئەی حەیدەری صراف، ماوەیەک لە سەرچاوە بووم لە کەناری تاڤگەی ئەو دێیە بەسەرمبرد، ئێستا پێم دەڵین ئەی کچە جاف، بیروباوەڕی یارسان لە نێوان چیاکاندا بەدەست هێنا).(بورەکەئی، ١٣٧٥: ٣٧).

پاشان دەڵێت:

حیدر ناز کیش، حیدر نازکیش

نە حضور شا پامنیر وپیش

قبالە سرن بکرە اندیش

بانزانو پیش بیگانە و خویش

واتە:(ئەی حیدر نازکیش، لە پێش پاشـــاوە هەنگاو مەنێ، چونکە ئەمکارە نهێنی خواپەرســـتەکانی یاری تێدایە، وە بیرلەوە بکەرەوەو ئیتر هیچ بەکەس مەڵی هەتا خزم و بێگانە بەمە نەزانن) (بورەکەئی، ١٣٧٥: ٣٧).

**6-مەی زەرد (سەدەی٥ک/١١ز).**

ئەوەی لەبـارەی ژیـانـی ئەم خـاتونەوە هەبێـت ئەوەیە لە ســـەدەی (٥ک/١١ز)لە لـوڕســـتـان ژیـاوەو هەروەهـا شوێنکەوتووی(شاخۆشین) بووە لە تەمەنی دوازدەساڵیدا بە خزمەتی گەیشتووە. یەکێک بووە لە ژنە پاک وچاکەکارەکانی ئاینی ئەهلی حەق شـاعیرێکی خاوەن عەقڵی بەهز بووە، پیرشـالیاری هەورامی و سـوڵتان چەلەبی ناسیوە کە دوو پیاوی ئاینی ناوچەکە بوون، لە ئاینی یارســـانیدا لە روکەش و ناواخندا خاوەنی پلەی کەمال بووە(بورەکەئی، ١٣٧٥:٣٧)، ئێمە ئەم بەیتە شـــیعرییانە هەڵدەبژێرین کە ئەم شاعیرە نووسیویەتی :

شەهریار سەرمەس هـەزار ســوار ئامــا

یوێشـا ســەرمـەس دیار بژەندێ

وە هەی دەس هەیدەس

خواجام نی هوژمەت وەنەش نەیۆ گەس

ماناکە

ئەم بەیتانە بەشێکن لە شیعرێک کە تیایدا شـاعیر باس لە هێرشـی ڕۆمانەکان دەکات بۆ سـەر لوڕستان کاتێک (شـاخۆشـین) منداڵێکی بچووک بوو، دایکی بردییە شـوێنێکی دوور و ئارام, پاشــان ڕۆمەکان هەر دوایان دەکەون، ئەمە بەپێی گێڕانەوەکانی یارسان لە سەردەمی شاخۆشین ڕویداوەو لە هۆنراوەکانی ئەم ژنە شاعیرەدا ڕەنگی داوەتەوە(هەورامی، ٢٠١١: ١١٢).

یاران گردمان یاران گردمان

سرمان بسپارین و یار گردمان

پیرو هەیوان و گورە و وردمان



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بکوشین پری راگە پردمان

واتە:(ئەی یاران با هەمومان سەرمان بەیار بسپێرین، شایەدی شکۆمەندی ئەو بدەین، گەنج و پێر ژیرو پیر، بەشکم بەم ڕێگەیە بگەینە پردی سیرات)(بورەکەئی، ١٣٧٥:٣٧).

**7-دایە خەزانی سەرگەتی(سەدەی ٥ک/١١ز).**

خەزان کچی ئەحمەد سەرگەتییە، لە سەرەتای سەدەی (٥ک/١١ز)لە گوندی سەرگەتی هەورامانی باشوورلە نزیك شاری هەڵەبجە لەدایکبووە، کاتێک کچێکی بچووک بوو باوکی مردووە و دواتر دایکی هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی تردا کردووە. دای خەزان سەرگەتی لەسەر دەستی دایکی فێری خوێندن و نووسین بووە و دواتر لەلای مەلای گوندی سەرگەتی خوێندوویەتی و لەوێ فێری خوێندنەوە و نووسین بووە لەلای زۆرێك لە زاناکانی ئەو سەردەمەدا خوێندوویەتی. ئەم شاعیرە ئایینی ئیسلامی بەجێدەهێڵێت و ئایینی یارسانی لە باوەش گرتووە، دوای ئەوە دەستی کردووە بە نووسینی شیعر. لە شیعرەکەیەوە ئەم بەیتانە دەردەهێنین کە تێیدا قسەی لەگەڵ (بابا ناوس) دەکات و بانگەشەی کوشتنی ئەوی کردووە(ڕۆستەم، ٢٠٠٦: ٥٢)، پاشان بووەتە ژنێکی پارێزگار لەسەر ئایینی یاری و شیعری هۆنیوەتەوە و لەوانەش:

تیری وەت کەفۆ دەم و دگانا

مەردەت زیندەکەرد جە گۆڕستانا

یارت گلەودان جە وەر ئاوانا

چای خودایوەن هەنش نیشانا

واتە/ تۆ نزیکیت هەبووە کە تیری باوەڕی... ئەو تیرە چەقیە دڵمەوە من مردبووم تۆ لە گۆڕستانا زیندووت کردمەوە منت لەلافاوی رووباراندا گڵ دایەوە تۆ نوێنگەی خوایت و منت ئازاد کرد.

هەروەها دەڵێت:

شیرەکریا جور، شیرە کریا جور

نەدەست بلە مردم کریا جور

دادمان رسان نەدەست ای گور

دستی وش افات دندانش هزور

واتە:(ئەی شێرە کوڕان زوڵم وزۆرمان لێدەکرێت لەلایەن بلەوە واتە (بابا ناوس)وە وەرن بگەنە هانامان وەک شیر، لەدەست ئەو گاورە رزگارمان بکەن)(ڕۆستەم، ٢٠٠٦: ٥٢).

**تەوەری چوارەم-تایبەتمەندییەکانی هۆنراوەکانی ئەم قۆناغە.**

١- هۆنەرەکان هەموویان لە پەیڕەوانی ئایینی یارسانن، هۆنراوەکانیشیان هەر بە هۆی یارسانەکانەوە پارێزراون و لە دەفتەرەکانیاندا ماونەتەوە، دەکرێت کەسانی دیکەش هەبووبن بەڵام نەهۆنراوەکانیان ماوەتەوە و نە ناو ناونیشیان دیارە، دیارە ئەمەش لە ئەنجامی هێرشی داگیرکەران بۆ ناوچەکە کە هەموویان شێوێنراون و لەناوچوون، ئەوانەش کە ماونەتەوە بە هۆکاری پیاوی ئاینیەکانەوە پارێزراون.

٢- کەرەستەی زمان :تێکستەکان کەرەستەی زمانەکەیان خاو وسادەییە، شیرازە وشێوەی ویاسای زمانی کوردی کۆنی هەورامانی ناوچەی هەورامانە، کە گۆڕپانی بڵاوکردنەوە وپاراستنی ئاینی یارسان بووە(هەورامانی,کاکەیی:٥٨).

٣- هۆنراوەکان بە شێوەی هەورامی نوسراون، کە بۆ هۆکاری ئەمە چەند ڕایەک خراوەتە ڕوو وەک ئەوەی کە وێنێکی شاخوداخ و وشکە، نە فارس خۆی بۆ کوتاوە زۆر نە ڕۆم، نە عەجەم بە تەنگیەوە بووە نە تورک، بەم بۆنەوە پیاوەکانی ئەوێ ئەوەندە ئاشنای بارەگای پادشاکان نەبوون بە جۆرێکی وەها کە زمانی ئەوان سوار زمانەکەیان ببێت، هەر کە دەروونیان هاتبێتە جۆش، بە زمانەکەی خۆیان دەریانبڕیوە، لەمەوە ڕەمەکی مەردەمەکەش فێر بوون کە هەر لە دەورێکی زۆر کۆنەوە شعر و ئەدەبیان بە زمانەکەی خۆیان وتووە، کە عەرەبیش لە مزگەوتەکانەوە سەری هەڵدا، ئەدەبی زمانەکەی خۆیانیان بە میراتی هەر بۆ مابووەوە، ئیتر خوێندەواری مزگەوتەکان بێزیان لێ نەئەهاتەوە، بۆیەش بێزیان لێ نەئەهاتەوە، چونکە کابرا لەپێش ئەوەدا بچێتە مزگەوت گوێی لە باوک یا لە مامە نەخوێندەوارەکەی بووە کە بە زمانەکەی خۆی هەڵبەستی بەسەرا هەڵداوە، ئەمە بێجگە لەوە کە دایکی لە بێشکەکەدا هەر بەو شێوەیە لایەلایەی بۆ ئەکرد، ئەمە لە ماڵا: کە ئەچووە دەریشەوە لەسەر هەڵپەڕکێ، لەسەر کانی، لەبەر بەڕۆچکەدا هیچی تری گوێ لێ نەئەبوو، تەنیا هۆنراوی زمانەکەی خۆی ئەبێ. ئەمانە هەموو کردیانە کارێ کاتێ کە دەستی دا بە خوێندنی فارسی یا عەرەبی یا زمانێکی تریشەوە، ئەدەبی زمانەکەی خۆی هەر بە ئەدەب بزانێ، شێوەی هەورامی هەندێك گرنگیی و توخمی زمانەوانی تێدان لەوانەش وزەی گوتار و کاریگەری مانەوەی لە نەستدا کە ئەمەش بەندە بە هێزی زوان و توخمەکانی وەك " دەنگ و مۆرفیم و رستەو بەیان و هتد.

هەر ئەم شیرینی زوانییەیە بیەن بە هۆکار بۆ ئەوەی تا قۆناغی تۆمارکردنوو نوسینەوە ئەم کەرەسە ئاینی و فەرهەنگی و کلتورییە بەهۆی ئەزبەرکردنەوە بێتە پاراستن، ئەگەر تەماشای زەمەنی هەریەك لە ژیانی ئەو ژنە شاعیرانە بکەن ئەوا قۆناغێکی زێرین بەرچاو دەکەوێت، ئەویش قۆناغی ئایدیایەکی کوردانەی ڕەسەن بووە لەگەڵ برەوسەندنی ئەو ئایدیایەدا علاءالدین سجادی، (مێژووی ئەدەبی کوردی:80).

4-لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە شیعرەکانداگەلێك لایەنی جیاواز بەرچاو دەکەون کە خاسیەتی ناوەڕۆکی شیعر لە قۆناغەکەدا دەخەنە بەرچاو جگە لە هۆنراوەی ئاینی لایەنێکی تری گرنگ لە ناوەڕۆکی شیعری کوردی قۆناغەکە بریتیە لە باسکردنی سروشت و دڵداری و ئەشقی مەجازی.

5- عەشیرەتە جیاجیاکان ژنە شاعیریان هەبووە، ئەو ژنانەی کە باسمان کردوون لە چەند عەشیرەتێکی جیاجیان، و لە ناوچەی جیاجیا نیشتەجێن و وەک ناوچەکانی (لوڕستان و شارەزورو هەمەدان و هەورامان)کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ژن پێگەیەکی باڵای هەبووە لە کۆمەڵگەدا و سەرجەم کایەکاندا شان بە شانی پیاوان ڕۆڵی خۆیان هەبووە، تەنها پەیوەست نەبووە بە عەشیرەتێکی دیاری کراوەوە.

**ئەنجام :**

١- ڕۆژئاوای هەرێمی چیا ناوچەیەکی جوگرافی گرنگە لەناو جیهانی ئیسلامیدا کە دەکەوێتە ناو چوار چێوەی هەرێمێکی فراونتر کە ئەویش هەرێمی چیاییە، ئەم هەرێمە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کە جیای دەکاتەوە لە ناوچەکانی دەورو بەری وەک (جوگرافیا و ئایین و پێگەی ئابووری و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی دانیشتوانەکەی)، کە ئەم تایبەتمەندیانەش وایان لێکردووە کە ناوچەکە ببێتە خاوەن پێگەیەکی مێژوویی گرنگ لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامی، بەوەی ئەم ناوچەیە هەر لەسەرەتاوە پاڵپشتیەکی گەورەی گروپە جودا خوازەکان بووە، و هەمیشە پەناگەیەک بووە بۆ ئەو کەسانەی کە دژبە دەسەڵاتی ناوەند ڕاپەڕیون بە تایبەت خەواریجەکان.

٢- لەماوەی سەدەکانی(٤-٥ک) ناوچەکانی هەرێمی چیا لەلایەن چەند میرنشینێکی کوردییەوە فەرمانڕەوایەتی کراون، وەک(عەیشانی و حەسنەوەیی و عەننازی) کە خاوەنی دەسەڵاتێکی نیمچەسەربەخۆ بوون، ئەم میرنشینانە ڕۆڵی فراوانیان بینیوە لە گەشەپێدان و بوژاندنەوەی مۆرکی کوردایەتی ناوچەکە، ئەمەش دەبێتە سەلمێنەری ئەوەی کە لە هەر کاتێکدا کورد فەرمانڕەوایی نیشتمانەکەی بوبێت هۆکارێک بووە بۆ گەشە پێدانی هەمەلایەنە، و فراوان بوونی بوار بۆ ئاینە جیاوازەکان و پێکاتە جیاجیاکان کۆمەڵگەی کوردی، بەتایبەت ژنان.

3- ئەو ژنانەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا باسمان کردوون، کوردن و لە کوردستان بەدنیا هاتوون، سەرجەمیان سەربە ئاینی یارسانن، تێکستە شیعریەکانیان لە کتێبی سەرەنجامدا پارێزراون، و لەلایەن بڕوادارانی ئاینی یارسانەوە وەک دەقی پیرۆز مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، خۆشیان وەکو مرۆڤی ڕۆشن دڵ جێگای تایبەتیان هەیە لە ئاینی یارساندا، ئەمەش کاریگەری قوڵی دروستکردووە لە دنیابینی یارساندا، ئەمڕۆش هەست بە پێگەی باڵای ژن و ئازادی ژنان دەکرێت لەکلتوری کوردی ناوچەکەدا.

4- سەرجەم ژنەکان کە ئێمە باسمان کردوون، بەشێوە زاری هەورامی هۆنراوەکانیان نوسیوە، یان بەو شێوازەی کە پێی وتراوە(هەورامی-جافی)، و ژنەکان سەربە هۆزە جیاجیاکەنی ناوچەکەن وەک لوڕی و جافی و هەورامی کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا پێگەیەکی گەورەی هەبووە و ئازادییەکی فراوانیشی پێدراوە تا ئەو ئاستەی هۆنراوە بنوسێت، وە ببێتە کەسێکی ئاینی، هەروەها شان بەشانی پیاوان لە کۆڕی زیکر وخەڵوەت و تەمبور ژەنیندا بەشداریانکردووە.

٥- ژن لە ئاینی یارساندا کە دەکرێت وەک بەشیک لە کۆمەڵگەی کوردیش ئاماژەی پێ بدرێت، لە پێگەیەکی ئاینی گەورەدا بووە، بەوەی کە وەکو پیاوان توانیویەتی بە بەرزترین پلەی کەماڵی ڕۆحی بگات، و لە بواری سۆفیگەری و عیرفاندا خۆیان بدۆزنەوە، کە بەشداری ژنان لە ناو نەتەوەکانی تری جیهانی ئیسلامدا لە سەردەمانێکی زۆر درەنگتر ئەوبوارە بۆ ژن ڕەخساوە، تەنانەت هەندێکجار ژن خراوەتە ئاستی فریشتەکان وەک گەڵالەخانمی لوڕستانی.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: کتێبی کوردی**

- تەیب تاهیری: زەبوری حقیقەت، چ١، کرماشان، ٢٠١٣.
- جەمال نەبەز:فەلسەفەو ڕامانی یارسان لە فەرهەنگ وکۆمەڵگای کوردواریدا، چاپخانەی نارە، ٢٠٠٩.
- ڕشاد میران:ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستان، چ٣، ٢٠١٧.
- ڕەشاد میران:چەند بابەتێکی ئیتنۆکۆمەلایەتی، چ٣، ٢٠١٦.

- زرار صدیق تۆفیق:کوردو کوردستان لە ڕۆژگاری خەلافەتی ئیسلامیدا، چ٣، چاپخانەی ڕۆژ هەڵات، هەولێر٢٠١٣.
- سدیق بۆرەکەیی(صفی زادە):مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ئاراس، ٢٠٠٨.
- فەلەکەدین کاکەیی:ئایینی یارسان، چ١، هەولێر، ٢٠١١.
- مارف خەزنە دار:مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی ١، چاپی ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠١.
- محمد جمیل ڕۆژبەیانی:مێژووی حوسنەوەیهی و عەییاری، (٢٠٠١ز)
- میر شرفخانی بدلیسی: شەرەفنامە، و. مامۆستا هەژار، پانیز، تهران، ١٣٨٨.
- نامق هەورامی:تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا، چ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٠١.
- ئاکۆ بورهان محەمەد:میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، چوار چرا، هەولێر، ٢٠٢٠ز.
-تەیب تاهیری: تاریخ وفەلسفەی سەرئەنجام، چاپخانەی ڕۆژ هەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.
-زرار صـــدیق تۆفیق:کاکەیی-ئەهلی هەق وشـــەبەکلێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، چاپخانەی زانکۆی صـــلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢٠.
-محمدئەمین هەورامانی:کاکەیی، چاپی1، چاپخانەی(الحوادث)، بغداد، ١٩٨٤.
- علاءالدین سجادی، «مێژووی ئەدەبی کوردی، مێژوو، ئەدەب، زانیاری»، بەغدا: چاپخانەی معارف، ١٩٥٢
-ئەیوب ڕۆسـتەم :یارسـان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دینیە سـەبارەت بە کاکەییەکان، چ١، مەڵبەندی ڕۆشـنبیری هەورامان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**دووەم: کتێبی فارسی.**

- سید فضل الله دکه ای: دیوان حضرت بابا ناوس، نشر ثالث، تهران، ١٣٣٧.
- صدیق صفی زاده بورەکەئی:دوره هفتوانه جزوی از نامه مینوی سرانجام، کتابخانه طهوری، تهران، ١٩٨٣م.
- صدیق صفی زاده بورەکەئی:مشاهیر اهل حق، کتابخانه طهوری، تهران، ١٩٨١م.
- صدیق صفی زاده بورەکەئی:نامه سرانجام کلام خزانه، چاپخانه حیدری، تهران، ١٣٧٥.
- نورعلی الهی، برهان الحق، چاپ هشتم، انتشارات جیحون، تهران, ١٣٧٣.

**سێیەم :سەرچاوەی عەرەبی.**

**١-سەرچاوە ڕەسەنەکان.**

-ابن الاثیر(عز الدین أبي الحسن الجزري الموصلي 630هـ/1233م):الكامل في التاريخ، الطبعة الاولى، دار الكتاب العربى، بيروت , 1997, ج٧.
-ابن كثير(أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير ٧٧٤هـ/1373م): البداية و النهاية، الطبعة الاولى، دار هجر، سنة، ج١٥.
- الاصـطخري(أبو القاسـم إبراهيم محمد الكرخي346هــــ/957م):المسـالك الممالك،محمد جابر عبدالعال،القاهرة,دار القلم (1381ه-1961م).
- ابن مسـكويه(أحمد بن محمد بن يعقوب بن مسـكويه421هــــ/1030م):تجارب الامم وتعاقب الهمم، الطبعة الثانية، مطبعة سروش، طهران، ٢٠٠٠، ج٦.
- الجهشـياري(محمد بن عبدوس بن عبد الله الكوفي الجهشـياري331هــــ/943م):الوزراء والكتاب،مطبعة عبدالحميد، احمد الحنفى،(القاهرة-١٩٣٨م).

2- ژێدەرەکان

-عطا عبدالرحمن محى الدين:حركات خوارج في بلاد الكرد و ماجاورها(غربي اقليم الجبال و شهرزور و الجزيرة الفراتيية) ٤١-٢١٨ هـ/٦٦١-٨٣٣م، کوردۆلۆجی، سليمانية، ٢٠٠٧.
-فرست مرعي، الامارات الكرديةفي العصر العباسى الثانى، ط الاولى، دار سبيريز، دهوک، ٢٠٠٥.
-قادر محمد حسـن:الامارات الكوردية في العهد البويهي دراسـة في علاقاتها السـياسـة و الاقتصـادية(٣٣٤-٤٤٧هــــ/٩٤٥-١٠٥٥م)، مؤسسة موكريان للبحوث والنشر، اربيل، ٢٠١١.
-حسـام الدين على غالب الالالنقشـبندى:الكورد في لرسـتان الصـغرى (الشـمالية)و شـهرزور خلال العصـر الوسـيط(٣٤٨-٥١١هـ/٩٥٩-١١١٧م)، بنکەی ژین، ٢٠١١.
-محمد امين زكي:مشاهد الكرد والكردستان في عهد الاسلامي، ط٣، مطبعة الوقف الحديث(بغداد-٢٠١١م).

**گۆڤار**

- صلاح کانبی اسماعیل- یاسین طه محمد: کاریگەری بیری سیاسی خەواریج و شیعە لەسەر کورد سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی ٢-٥ک/٨-١١ز، مجلة الدراسات السیاسیة والامنیة، مجلد (الخامس) العدد(الثانی) کانون الاول ٢٠٢٢.
- زریان جیزنی محمد:پێگەو ڕۆڵی ژن لە ئاینی یارساندا، گۆڤاری قەڵای زانست، هەولێر –کوردستان- عیراق، بەرگی ٤، ژمارە٤، پایزی ٢٠١٩.